## کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان: داوا لە ڕۆنامەونووسانی کوردستان دەکەین وازبێنن و ئیستیقالە لە ڕیزەکانی سەندیگای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بدەن

لەدوای ئەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەڵسا بە ئامادەکرنی یاسای کاری ڕۆژنامەوانی و پێشەکەشی کرد بە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هەروەها ڕێکەوت لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشەنبیری هەرێم بۆ تێپەڕکردنی ئەو یاسایە. هاوکات لەبەر ئەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئامادەنەوبوو پێشنیار و تێبینەیەکانی چەندین لایەن لەبەرچاو بگرێت لەوانە کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان، لەبەر ئەو هۆکارانە داوا لەو ڕۆژنامەونووسانە دەکەین کە ئەندامن لە سەندیکای ڕۆژنامەونووسانی کوردستاندا، واز لەو ڕێکخراوە بێنن و ئیستیقالە بدەن وەک پرتستۆ و نەڕازی بوونێک لەسەر ئەو پێشێلکاریەی کە لە مافەکانی ڕۆژنامەوانان و خودی ئەندامەکانیان دەکەن .

هاوکات کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان دەست بە پەیوەندیەکانی خۆی دەکات بە ڕێکخراوەکان و کەسایەتیەکانی ڕۆژنامەوانی و سیاسی لە دەرەوەی وەڵات بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوەی پەرلەمان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕسوا بکەین و ڕۆی ڕاستەقینەی باری ئازادیە ڕۆژنامەوانیەکان بە دونیا بناسێنین .

کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان
Ko_b_r_ku@yahoo.se

2007-12-1313